# راپۆرتی ١١٧ی لیستی سەرەکی عێراق

## تەمووز – ئابی ٢٠٢٠

IOM DISPLACEMENT TRACKING MATRIX

گۆڕانـکاری لـە میتـۆد/ شـێواز: زانیـاری بـۆ لیسـتی سـەرەکی (Master List) لـە ڕێگـەی هەواڵـدەری سـەرەکیەوە بـە پێدانـی ئامـار لـە سـەر ئاسـتی خێـزان کۆکراوەتـەوە. لـە سـەر ئـەم بنەمایـەش ژمـارەی تاکەکـەس بـۆ هـەر سـەر خێـزان بـە شـەش کـەس خەمڵێـنراوە، تێکـڕای قەبـارەی خێزانێکـی عێراقـی بـە گوێـرەی ئامارەکانـی حکومـەت، ئەمـە بـۆ سـەرجەم ئـاوارە ناوخۆییەکانـی دەرەوەی کەمـپ و گەڕاوەکانیـش. بـۆ یەکـەم جـار لـەم خولـەی تەمووز-ئابـی ٢٠٢٠ ژمـارەی کەسـەکان بـە لێکدانـی ژمـارەی خێزانـەکان بـە ژمـارە پێنـج ژماردنیـان بـۆ کـراوە ، کـە قەبـارەی هـەر سـەر خێزانێـک لـە گـەڵ دەسـتەی هەماهەنگـی کەمـپ و بەڕێوەبردنـی کەمـپ (CCCM) لەوەتـەی ساڵی ٢٠١٨ یەکدەگرێتـەوە. سـەرنج بـدەن کـە بەهـۆی ئـەم گۆڕانکاریـەوە لـە میتـۆدی ژماردنـدا بـۆ دیاریکردنـی ژمـارەی ئـاوارە ناوخۆییەکانـی نـاو کامپـەکان، کاریگـەری دەبێـت بەسـەر گۆڕانـی دانیشـتوان پەیوەسـت بـە ژمـارەی ئـاوارە ناوخۆییـەکان لـە نێـوان ئـەم خولـە و خولـی پێشـوودا.

## خاڵە بنچینەییەکان




وێنەی ژمارە (١): ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان بە تێپەڕبوونی کات

کۆکردنـەوەی زانیـاری بـۆ خولـی ١١٧ لـە مـاوەی مانگەکانـی تەمـووز و ئابـی ساڵی ٢٠٢٠ ئەنجام درا. تاکـو ٣١ی ئابـی ٢٠٢٠، تۆمـاری بەدواداچوونـی ئـاوارەکان ٤,٧٤٤,٠٥٠ گـەڕاوە (٧٩٠,٦٧٥خێـزان)ی لـە میانـەی ١٨ پارێـزگا و ٣٨ قـەزا و ٢,٠٧٠ شـوێن لـە عێـراق دەستنیشـان کـردووە. ژمارەیەکـی زیاتـری گـەڕاوەی نـوێ لـەم خولـەی ١١٧ دا (٢٥,٩٢٠) بـە بـەراورد لـە گـەڵ ژمـارەی تۆمارکـراو لـە خولـی ١١٦ (١٢,٩٤٨) تۆمارکراوە.باوتریـن ئـەو پارێزگایانـەی کـە لـە مـاوەی نێـوان تەمـووز و ئابـی ساڵی ٢٠٢٠ گەڕانەوەیـان بـۆ ئەنجـام دراوە بریتیـن لـە نەینـەوا ( کـە ٢٧,١٨٦ کـەس تێیـدا تۆمـار کـراوە ) ، سـەلاحەددین (٥,٧١٢ کـەس) و دیالـە (١,٢٣٦کـەس). لـە خولـی ١١٥ و ١١٦ دا ئـەم ڕێـژەی نزمـەی گەڕانـەوەی ئـاوارەکان جێگـەی سەرسوڕمان نیە، بـەو پێیـەی کـە بەرپرسانی حکومەتـی عێـراق بـەدەوام بـوون لـە گرتنەبـەری ڕێوشـوێنی قەدەخـە و سـنووردارکردنی هاتووچـۆ بـۆ پێشـگیری کـردن لـە بڵاوبوونـەوەی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا (COVID-١٩).

لـە مـاوەی هەمـان کات دا تۆمـاری بەدواداچوونـی ئـاوارەکان ١,٢٩٩,٩٨٧ ئـاوارەی ناوخۆیـی (٢٢٥,٤٤٣ خێـزان) کـە بـە نـاو ١٨ پارێـزگا و ١٠٤ قـەزا و ٢,٩٧٧ شـوێن لـە عێـراق دابەشـوبوونە دەستنیشـانکردووە. ئەمـە ئـەوە دەردەخـات کـە کەمبوونەوەیـەک بـە تێکـڕای ٨١,٣٤٥ ئـاوارەی ناوخۆیـی لـە خولـی پێشـوویەوە تۆمارکـراوە، بـەڵام پێویسـتە گۆڕانـکاری لـە میتـۆدی ژماردنیـش لـە بەرچـاو بگرین، کـە قەبـارەی خێزانـی نـاو کەمپـەکان کەمکرایـەوە، لـە ڕاسـتی دا کەمبوونەوەکـە بریتیـە لـە ٢٨,٦٧٤ کـەس. سـەبارەت بـە ناوچـەی ڕەسـەنی ئـاوارە ناوخۆییـەکان، هاوشـێوەی خولـی پێشـوو، لـە ٥٩٪ی قەبـارەی ئـاوارە ناوخۆییـەکان خەڵکـی پارێـزگای نەینـەوان، بـە تایبەتـی خەڵکـی قەزاکانـی موسـڵ (٢٨,٦٧٤ کـەس)، شـنگال (٢٢٧,٠٣٥ کـەس) و بەعـاج (١٠٣,٢٩٥ کـەس). دوای پارێـزگای نەینـەوا بەرزتریـن ڕێـژەی ئـاوارە ناوخۆییـەکان خەڵکـی پارێـزگای سـەلاحەددین و ئەنبـارن کـە هەردووکیـان ڕێـژەی ١١٪ی قەبـارەی ئـاوارە ناوخۆییەکانـی عێـراق پێـک دەهێنـن.

### تێڕوانی گشتی ئاوارەبوون

لە ٣١ /٨/ ٢٠٢٠

| | |
|---|---|
| ١,٢٩٩,٩٨٧ تاک ئاوارەی ناوخۆیی | ٢٢٥,٤٤٣ خێزان ئاوارەی ناوخۆیی |

پارێزگا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون

| نەینەوا | دهۆک | هەولێر |
|---|---|---|
| ٣٠٠,٨١٥ | ٢٨٠,٨١٩ | ٢٣٢,١٩٢ |
| ئاوارەی ناوخۆیی | ئاوارەی ناوخۆیی | ئاوارەی ناوخۆیی |

دابەشبوونی جوگرافی

| | | |
|---|---|---|
| ١٨ پارێزگا | ١٠٤ قەزا | ٢,٩٧٤ شوێن |

### تێڕوانینی گشتی گەڕانەوە

لە ٣١ /٨/ ٢٠٢٠

| | |
|---|---|
| ٤,٧٤٤,٠٥٠ تاک ئاوارەی ناوخۆیی | ٧٩٠,٦٧٥ خێزان ئاوارەی ناوخۆیی |

پارێزگا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون

| نەینەوا | ئەنبار | سەلاحەددین |
|---|---|---|
| ١,٨٣٤,٣٥١ | ١,٤٩٣,٧٦١ | ٦٩٧,٨٥٤ |
| ئاوارەی ناوخۆیی | ئاوارەی ناوخۆیی | ئاوارەی ناوخۆیی |

دابەشبوونی جوگرافی

| | | |
|---|---|---|
| ٨ پارێزگا | ٣٨ قەزا | ٢,٠٧٠ شوێن |

# تێڕوانینی گشتی سەبارەت بە ئاوارەبوون

ئـەم هێلکاریانـەی خـوارەوە (١) ژمـارەی ئـاوارە ناوخۆییـەکان لـە سـەرجەم پارێزگاکانـی ئاوارەبـوون، (٢) ژمـارەی ئـاوارە ناوخۆییـەکان بـۆ هـەر یـەک لـە قـەزا سـەرەکییەکانی ئاوارەبـوون (٣) ڕێـژەی ئـاوارە ناوخۆییـەکان بـۆ هـەر کام لـە پارێـزگای ڕەسـەن و پارێـزگای ئاوارەبـوون نیشـان دەدەن.

## نەینەوا ٣٠٠,٨٦٥ ئاوارەی ناوخۆیی

سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: پارێزگاکانی بەغداد، هەولێر، کەرکووک و دیالە دەگرێتەوە

## دهۆک ٢٨٠,٨١٩ ئاوارەی ناوخۆیی

سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: پارێزگاکانی سەلاحەددین، ئەنبار و کەرکووک و بەغداد دەگرێتەوە

## هەولێر ٢٣٢,١٩٢ ئاوارەی ناوخۆیی

سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: پارێزگاکانی بەغداد، هەولێر، کەرکووک و دیالە دەگرێتەوە

## سلێمانی ١٣٧,٤٨٧ ئاوارەی ناوخۆیی

سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: پارێزگاکانی نەینەوا، بابل و کەرکووک دەگرێتەوە

## کەرکووک ٩٧,٤٤٠ ئاوارەی ناوخۆیی

سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: پارێزگاکانی دیالە، ئەنبار، بەغداد و بابل دەگرێتەوە

## سەلاحەددین ٦٦,٧٤٤ ئاوارەی ناوخۆیی

سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: پارێزگاکانی دیالە، نەینەوا وئەنبار دەگرێتەوە

## دیالە ٥٠,٤٩٤ ئاوارەی ناوخۆیی

سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: پارێزگاکانی ئەنبار، بابل، بەغداد، نەینەواو کەرکووک دەگرێتەوە

## ئەنبار ٣٦,١٦٢ ئاوارەی ناوخۆیی

سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: پارێزگاکانی سەلاحەددین، بەغداد، نەینەواو و کەرکووک دەگرێتەوە

# تێڕوانینی گشتی سەبارەت بە ئاوارەبوون

## بەغداد ٣٢,٤٠٠ ئاوارەی ناوخۆیی

### سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




### پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: پارێزگاکانی سەلاحەددین، دیالە، بەغداد و کەرکووک دەگرێتەوە

## بابل ١٦,٩٩٢ ئاوارەی ناوخۆیی

### سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




### پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: ئەنبار، بەغداد،دیالە، سەلاحەددین و کەرکووک دەگرێتەوە

## کەربەلا ١٥,١٨٣ ئاوارەی ناوخۆیی

### سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




### پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: پارێزگاکانی ئەنبار، کەرکووک، دیالە، سەلاحەددین و بەغداد دەگرێتەوە

## نەجەف ١٢,٠٠٦ ئاوارەی ناوخۆیی

### سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




### پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: پارێزگاکانی دیالە، سەلاحەددین، ئەنبار و کەرکووک دەگرێتەوە

## واست ٦,٠٤٢ ئاوارەی ناوخۆیی

### سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




### پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: پارێزگاکانی دیالە، سەلاحەددین و ئەنبار دەگرێتەوە

## بەسرە ٦,٣١٢ ئاوارەی ناوخۆیی

### سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




### پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: پارێزگاکانی دیالە، بەغداد و بابل دەگرێتەوە

## قادسیە ٣,٨٠٤ ئاوارەی ناوخۆیی

### سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




### پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: پارێزگاکانی بەغداد و سەلاحەددین دەگرێتەوە

## زیقار ٣,٣٩٦ ئاوارەی ناوخۆیی

### سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




### پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: پارێزگاکانی بەغداد، سەلاحەددین، دیالە،کەرکووک و بابل دەگرێتەوە

# تێڕوانینی گشتی سەبارەت بە ئاوارەبوون

## میسان ٢،٢٢٠ ئاوارەی ناوخۆیی




ئەوانی تر: پارێزگاکانی بەغداد، ئەنبار، دیالە و بابل دەگرێتەوە

## موسەننا ٩٧٢ ئاوارەی ناوخۆیی




ئەوانی تر: سەلاحەددین و کەرکووک و دیالە دەگرێتەوە

## دوایین زانیاری سەبارەت بە ڕەوشی ئاوارە ناوخۆییەکان

**ئامارە گشتیەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان[1]:** لە ماوەی مانگەکانی تەمووز و ئاب دا، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان ١،٢٩٩،٩٨٧ ئاوارەی ناوخۆیی (٢٢٥،٤٤٣ خێزان)، کە لە ناو ١٨ پارێزگا، ١٠٤ قەزا و ٢،٩٧٤ شوێن لە عێراق دا بڵاوبوونەتەوە دەستنیشانکرد. ئەمە ئەوە دەردەخات کە کەمبوونەوەیەک بە تێکڕای ٨١،٣٤٥ ئاوارەی ناوخۆیی لە خولی پێشوویەوە تۆمارکراوە، (بە لە بەرچاوگرتنی گۆڕانکاری لە میتۆدی ژماردنیش ، کە قەبارەی خێزانی ناو کەمپەکان کەمکرایەوە، لە ڕاستی دا کەمبوونەوەکە بریتیە لە ٢٨،٦٧٤ کەس). کە زۆرترین کەمبوونەوە لە پارێزگاکانی دهۆک، نەینەوا، هەولێر و دیالە ڕوویداوە.

**دوایین جوڵەی ئاوارە ناوخۆییەکان:** سەرەڕای تێکڕای کەمبوونەوەی ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە سەرتاسەری عێراق دا، ١٠،٢١٠ کەس گەیشتوونە ناو شوێنە هەڵسەنگێراوەکان لە ماوەی تەمووز و ئابی ٢٠٢٠ دا. زۆرینەی تازە گەیشتووەکان (٩،١٤٢ کەس، کە دەکاتە ٩٠٪ی ئەوانەی تۆمارکراون)، لە شوێنەکانی تری ئاوارەبوون دا هاتوون. ئەمە ئەوە دەردەخات کە زیادبوونێکی بەرچاو لە ژمارەی ئەو کەسانەی کە بۆ دووەم جار ئاوارەبوونە بە بەراورد لە ماوەی مانگەکانی ئایار و حوزەیران بوونی هەیە (٢،٣٧٦ کەس). باوترین ئەو پارێزگایانەی کە دووەم ئاوارەبوونیان تێدا تۆمارکراوە بریتین لە نەینەوا (٥،٥٥٦ کەس)، سلێمانی (١،٤١٠ کەس) و بەغداد (٥٥٢ کەس). هەروەها لە ماوەی مانگی تەمووز-ئاب دا، چەند کەسێک دووبارە ئاوارەبوونەوە، دوای گەڕانەوەیان بۆ ناوچە ڕەسەنەکانیان، لەوانە بۆ پارێزگای نەینەوا (٤٢٥ کەس)، کەرکووک (١٨٠ کەس)، نەجەف (٢٤ کەس و سلێمانی (١٢ کەس). دواجار ٤٢٧ کەسیش کە بۆ یەکەم جار لە ناوچە ڕەسەنەکانیان ئاوارە بوونە تۆمارکراون، کە زۆربەیان پەنایان بردووە بۆ پارێزگای سلێمانی (٣٧٢ کەس)، لە گەڵ ژمارەیەکی کەمیش لە نەینەوا (٤٥ کەس) و هەولێر (١٠ کەس) تۆمارکراوە. زۆربەیان لە پارێزگای بەغداد، ئەنبار و نەینەوا هەڵهاتوون، لە بەر خراپی ڕەوشی ئەمنی و نەبوونی خزمەتگوزاری و نەبوونی دەرفەتی کارکردن.

هەروەها لەم خولەدا، تێکڕای ٤،١٧٦ کەس (٦٩١ خێزان) وا ڕاگەیەنراوە کە نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە بۆ قەزاکانی حەترا و مەخموور لە پارێزگای نەینەوا و ناچار بوونە دووبارە ئاوارە ببنەوە. هۆکارەکانی نەگەڕانەوەشیان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی خزمەتگوزاری و دەرفەتەکانی کارکردن و ڕووخانی خانوو و بەرەیان- بە تایبەتی لە ناحیەی قەراجی سەر بە قەزای مەخموور.

**ناوچە ڕەسەنەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان:** ٥٩٪ی قەبارەی هەنووکەیی ئاوارە ناوخۆییەکان خەڵکی پارێزگای نەینەوان (٧٥٨،٣٢٨ کەس)، کە زۆرینەیان خەڵکی موسڵ (٢٦٩،٠٧٧ کەس)، شنگال (٢٢٧،٠٣٥ کەس) و بەعاجن (١٠٣،٢٩٥ کەس). دووەم و سێیەم گەورەترین ڕێژەی ئاوارەکان خەڵکی پارێزگای سەلاحەددین و ئەنبارن بە ڕێژەی ١١٪ بۆ هەردووکیان. قەزاڕەسەنە هەر لە پێشەکان بریتین لە ڕەمادی (٦٦،٨٥٠ کەس)، فەللوجە (٤٧،٦٧٨ کەس) و قائیم (١٠،٨٨٦ کەس) لە پارێزگای ئەنبار و توزخۆرماتوو (٤٠،٠٤٩ کەس)، بێجی (٢٧،٩٦٧ کەس) و بەلەد (٢٧،٨٧٢کەس) لە پارێزگای سەلاحەددین.

**جۆرەکانی پەناگە:** ٧٢٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان لە شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەت دا دەژین (٩٣٥،٤١٢ کەس)، ٢٠٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان لە کەمپەکان دان (٢٦٣،٣٥٥ کەس) و لە ٨٪یش (١٠٠،٣٩٨ کەس) لە پەناگە نەگونجاوەکان دا دەژین. کەمبوونەوەیەک لە ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان کە بە ٦٦،٩٦٩ کەس بۆ ماوەی مانگەکانی تەمووز و ئاب تۆمارکراوە کە بە زۆری لە پاێزگاکانی دهۆک (-٣٠،٤٢٣)و نەینەوا (-٢٤،٠٨٣ کەس)، هەولێر (-٤،٠٦٤) و سلێمانی (-٢،٨٥٩)بووە. لە سەر ئاستی قەزاش، سێ لەو قەزایانەی زۆرترین کەمبوونەوە لە ژمارەی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە لە کەمپەکان دا دەژین تییاندا تۆمارکراوە بریتین لە سومێل (-١٨،٢٢٦)، زاخۆ (-١١،٤٢٦)، موسڵ (-٩،٥٧٠) و حەمدانیە (-٧،٥٠٨). لەو کاتەی کە گۆڕانکاری لە میتۆدی ئەژمارکردنی قەبارەی خێزانە ئاوارەکانی ناو کەمپەکان جیاوازیەکی بەرچاوی دوست کردووە، بەڵام لە گەڵ ئەمەش دا، هێشتان کەمبوونەوەیەکی بەرچاو (-١٤،٢٩٨) لە ژمارەی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە لە ناو کەمپەکان دا دەژین بەبەراورد لە گەڵ خولی پێشو بوونی هەیە.

تێکڕای ١٠٠،٣٩٨ کەس کە لە پەناگە نەگونجاوەکان دا دەژین تۆمارکراون. کەمبوونەوەیەک لە ژمارەی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە لە پەناگە نەگونجاوەکان دا دەژین بە ١٣،٥٣٠ کەس لە خولی پێشوویەوە تۆمارکراوە. لە سەر ئاستی عێراقیش تا ئێستاش لە ٨٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان لە پەناگە نەگونجاوەکان دا دەژین، بەڵام جیاوازیەکی بەرچاو لە ناو پارێزگاکان دا بوونی هەیە: ئەنبار (٥٢٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان لە پەناگە نەگونجاوەکان دا دەژین)، سەلاحەددین (٢٦٪)، قادسیە (١٨٪)، میسان (١١٪)، بەغداد (١٣٪) و دهۆک (١٠٪) و نەجەف (١١٪). ئەو قەزایانەی کە تییاندا زۆرترین ئاوارە ناوخۆییەکان لە پەناگەی نەگونجاو دا دەژین بریتین لە سومێل (٢٣،١٦٠)، فەللوجە (١٣،٠٥٦) و سامەڕا (٨،١٨٤) کەرکووک (٧،٠٦٢) و موسڵ (٦،٩٨٤). هەروەها ٧٨ شوێنی تریش هەن کە ئاوارە ناوخۆییەکان تییان دا لە پەناگەی نەگونجاو دا دەژین کە زۆربەیان لە قەزای فەللوجە (١٢ شوێن) و بەسرە (٨ شوێن) و شێخان (٨ شوێن).

وێنەی ٢. جۆرەکانی پەناگەی ئاوارە ناوخۆییەکان




[1] بگەڕێوە بۆ بەشی میتۆدی ئەژمارکردن بۆ بەرچاوڕوونی سەربارەت بەو میتۆدەی ئەژمارکردنەی کە لەم خولەدا بەکارهێنراوە بۆ دەستنیشانکردنی کەسانی ئاوارە ناوخۆییەکانی ناوەوە و دەرەوەی کەمپ و گەڕاوەکان.

# تێڕوانینی گشتی سەبارەت بە گەڕانەوە

ئەم هێلکاریانەی خوارەوە (١) ژمارەی گەڕاوەکان لە سەرجەم پارێزگا ڕەسەنەکان دا، (٢) ژمارەی گەڕاوەکان لە هەر یەک لە قەزا سەرەکیە ڕەسەنەکان، (٣) ڕێژەی گەڕاوەکان بە گوێرەی پارێزگای دوایین ئاوارەبوون و بۆ هەر پارێزگایەکی ڕەسەن نیشان دەدات.

## نەینەوا

١,٨٣٤,٣٥١ گەڕاوە

سێ لە قەزا سەرەکیەکانی گەڕانەوە

| | |
|---|---|
| موسڵ | ١,٠٣٩,٢٦٠ |
| تەلعەفر | ٣٥١,٠٤٨ |
| حەمدانیە | ١٦٦,٩٤٤ |

پارێزگای دوایین ئاوارەبوون

٪٦٩ نەینەوا، ٪٩ دهۆک، ٪١٠ هەولێر، ٪١٢ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی نەجەف، کەربەلا، بەغداد، بابل، کەرکووک، واست، سلێمانی، سەلاحەددین، بەسرە، میسان، قادسیە، زیقار، موسەننا، دیالە وئەنبار دەگرێتەوە

## ئەنبار

١,٤٩٣,٧٦٦ گەڕاوە

سێ لە قەزا سەرەکیەکانی گەڕانەوە

| | |
|---|---|
| ڕەمادی | ٥٩٦,٠٨٢ |
| فەللوجە | ٥٣٨,٨٦٠ |
| هیت | ١٧٦,١٤٢ |

پارێزگای دوایین ئاوارەبوون

٪٤٣ ئەنبار، ٪٢١ بەغدا، ٪١٦ هەولێر، ٪٢٠ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی کەرکووک، سلێمانی، بابل، سەلاحەددین، دهۆک، کەربەلا، نەینەوا و دیالە دەگرێتەوە

## سەلاحەددین

٦٩٧,٨٥٤ گەڕاوە

سێ لە قەزا سەرەکیەکانی گەڕانەوە

| | |
|---|---|
| تکریت | ١٧٥,٢٣٦ |
| شرگات | ١٥٩,٧٥١ |
| بێجی | ١١٤,٤١٤ |

پارێزگای دوایین ئاوارەبوون

٪٤٧ سەلاحەددین، ٪٢٥ کەرکووک، ٪١٥ هەولێر، ٪١٣ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی سلێمانی، بەغداد، دهۆک،بەسرە، کەربەلا، نەجەف، دیالە، میسان، بابل، زیقار و واست دەگرێتەوە

## کەرکووک

٣٤١,٤٩٠ گەڕاوە

سێ لە قەزا سەرەکیەکانی گەڕانەوە

| | |
|---|---|
| حەویجە | ١٦٣,٠٩٢ |
| کەرکووک | ١٥٣,٧٦٢ |
| داقوق | ١٧,٤٠٠ |

پارێزگای دوایین ئاوارەبوون

٪٤٤ کەرکووک، ٪٤١ سلێمانی، ٪٩ سەلاحەددین، ٪٦ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی هەولێر، نەینەوا، بەغداد و بابل دەگرێتەوە

## دیالە

٢٣١,٤٨٠ گەڕاوە

سێ لە قەزا سەرەکیەکانی گەڕانەوە

| | |
|---|---|
| خانەقین | ٩٨,٤٣٦ |
| خالس | ٧٤,٦٢٢ |
| موقدادیە | ٥٧,١٠٢ |

پارێزگای دوایین ئاوارەبوون

٪٧٩ دیالە، ٪٩ سلێمانی، ٪١١ کەرکووک، ٪١ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی بەغداد، هەولێر و کەربەلا دەگرێتەوە

## بەغداد

٩٠,٣٦٦ گەڕاوە

سێ لە قەزا سەرەکیەکانی گەڕانەوە

| | |
|---|---|
| مەحمودیە | ٤٩,١٧٠ |
| ئەبوغرێب | ٢٣,١١٢ |
| تارمیە | ١٠,٣٢٠ |

پارێزگای دوایین ئاوارەبوون

٪٩٠ بەغدا، ٪٤ بابل، ٪٥ هەولێر، ٪١ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی سلێمانی، کەربەلا و میسان دەگرێتەوە

## هەولێر

٥٣,٩٧٠ گەڕاوە

سێ لە قەزا سەرەکیەکانی گەڕانەوە

| | |
|---|---|
| مەخمور | ٥٣,٩٧٠ |

پارێزگای دوایین ئاوارەبوون

٪٧٣ هەولێر، ٪١٥ نەینەوا، ٪١١ کەرکووک، ٪١ سەلاحەددین

## دهۆک

٧٦٨ گەڕاوە

سێ لە قەزا سەرەکیەکانی گەڕانەوە

| | |
|---|---|
| زاخۆ | ٧٦٨ |

پارێزگای دوایین ئاوارەبوون

٪١٠٠ دهۆک

# تێڕوانینی گشتی سەبارەت بە گەڕانەوەکان

## دوایین زانیاری سەبارەت بە ڕەوشی گەڕاوەکان

**تێکڕای ئامارەکانی گەڕانەو[٢]:** تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان تێکڕای ٤,٧٤٤,٠٥٠ گەڕاوە (٧٩٠,٦٧٥ خێزان)، لە ناو ٨ پارێزگا، ٣٨ قەزا و ٢,٠٧٠ شوێن دەستنیشانکرد. ژمارەیەکی بەرزتری تێکڕایی گەڕاوەی نوێ لە خولی ١١٧ دا تۆمارکرا (٢٥,٩٢٠) بە بەراورد لە گەڵ ژمارەی تۆمارکراو لە خولی ١١٦ دا (١٢,٩٤٨)، هەرچەندە ئەم ژمارەیە بە بەراورد لە گەڵ ژمارەی تۆمارکراو لە خولی ١١٥ (٤٤,٧٧٨) هێشتان زۆر کەمە. ئەم کەمبوونەوەی دەشێت بەشێکی بە هۆی قەدەخەکردنی هاتووچۆیەوە بێت کە لە دەستپێکی مانگی ئازارەوە لە پێناو پێشگیری کردن لە تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بە سەر وڵات دا سەپێرا.

ئەو پارێزگایانەی کە بەرزترین ژمارەی تێکڕای گەڕاوەکانی لە خۆ گرتووە بریتین لە نەینەوا (١,٨٣٤,٣٥٦، بە ٢٧,١٨٦ گەڕاوەی نوێ لە وەتەی خولی پێشوویەوە)، ئەنبار (١,٤٩٣,٧٦٦، بە ٩,٧٠٢ گەڕاوەی کەمتر لە خولی پێشوو) و سەلاحەددین (٦٩٧,٨٥٤، بە ٥,٧١٢ گەڕاوەی نوێ لەوەتەی خولی پێشوویەوە). لە ماوەی مانگەکانی تەمووز و ئاب دا، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان ١٣,١٧٠گەڕاوە (٢,١٩٥ خێزان) کە لە کەمپەکانەوە گەڕاونەتەوە دەستنیشانکردووە. زۆربەیان گەڕاونەتەوە بۆ پارێزگای نەینەوا (١١,٧٠٦ کەس)، بە تایبەتی بۆ قەزاکانی شنگال (٨,٥١٤ کەس)، بەعاج (٢,٢٦٢ کەس) و بۆ پارێزگای هەولێر (١,٠٢٦، کە هەر هەموویان گەیشتوون بە قەزای مەخموور) و هەروەها پارێزگای سەلاحەددین (٣٩٠ کەس، کە هەر هەموویان گەیشتوون بە قەزای شرگات). هەروەها لە نێوان مانگی تەمووز و ئاب دا گەڕانەوە بۆ ٢٣ شوێن لە پارێزگاکانی نەینەوا و سەلاحەددین و دیالە کە پێشتر گەڕانەوەیان بۆ ئەنجام نەدرابوو ڕوویداوە. هۆکارەکانی ئەم گەڕانەوانە، دەگەڕێتەوە بۆ باشتر بوونی ڕەوشی ئاسایش و پاکتاوی ئاسایش و لە گەڵ بوونی ویستی سۆزداری بۆ گەڕانەوە.

**ئامارەکانی سەر ئاستی قەزاکان:** لە سەر ئاستی قەزاکان، قەزای موسڵ لە نەینەوا بەو قەزایە کە بەرزترین ژمارەی گەڕاوەکانی لە خۆ گرتووە دەمێنێتەوە: لە سەدا ٢٢ی سەرجەم گەڕاوەکان (١,٠٣٩,٢٦٠ کەس). لە ماوەی تەمووز- ئاب دا، قەزای شنگال بەرزترین ژمارەی گەڕاوەی نوێ (١١,٠٤٠ کەس) لە خۆ گرتووە، ئینجا تەلەعفەر (٤,٩٠٢ کەس) و موسڵ (٤,٨٣٠ کەس) بەدوای دا دێت.

قەزای ڕەمادی لە ئەنبار، دووەم بەرزترین ژمارەی گەڕاوەکانی هەیە (٥٩٦,٠٨٢ کەس) کە لە نێویان دا ٢,٨٣٢ کەس بۆ یەکەم جار تۆمارکران لەم خولەدا. هەروەها فەللوجە سێیەم بەرزترین ژمارەی گەڕاوەی هەیە (٥٣٨,٨٦٠ کەس). فەللوجە تەنها قەزایە کە ژمارەیەکی کەمتری گەڕاوەی لێ تۆمارکراوە بە بەراورد لە گەڵ خولی پێشوو (بە ١٣,٢٧٨ کەس کەمتر). ئەو قەزایانەی کە ژمارەی گەڕاوەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو زیادبووە لەم خولەدا، بریتین لە قەزاکانی شنگال (١١,٠٤٠ کەسی نوێ، کە ئێستا تێکڕای ژمارەکە دەگاتە ٨٤,٥١٠ کەس)، تەلەعفەر ( بە ٤,٩٠٢ کەسی نوێ، کە تێکرای ژمارەکە دەگاتە ٣٥١,٠٤٨) هەروەها قەزای شرگات ( بە ٦٩١ کەسی نوێ، کە تێکڕای ژمارەکە دەگاتە ١٥٩,٧٥٦ کەس)

**جۆرەکانی پەناگە:** نزیکەی سەرجەم خێزانەکان (٤,٥٠٧,٧٥٢ کەس، ٩٥٪ گەڕاونەتەوە شوێنی نیشتەجێبوونی ئاساییان کە لە دۆخێکی باش دان و ٧١,٨٥٦ (٢٪) گەڕاوە لە شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەت دا دەژین و هاوکات ١٦٤,٣٩٤ گەڕاوە لە لە پەناگەی نەگونجاو و شلۆق دا دەژین (٣٪). لە نێوان مانگی تەمووز و ئاب دا، ٧,٥٩٦ گەڕاوەی کەمتر کە لە ناو پەنگای نە گونجاو و شلۆق دا دەژین تۆمارکران بە بەراورد لە گەڵ ماوەی ئایار – حوزەیران.

بەرزترین ژمارەی ئەو گەڕاوانەی کە لە پەناگەی نەگونجاو و شلۆق دا دەژین لە پارێزگای نەینەواڵن (٥٣,١٣٦)، بە تایبەتی لە قەزای موسڵ (٣١,٥٩٠)، شنگال (٨,٠٩٤) و تەلەعفەر (٧,٤٢٨) تۆمارکراون. هەروەها ژمارەیەکی بەرزی ئەو کەسانەی کە لە پەنگای نەگونجاو و شلۆق دا دەژین لە پارێزگای ئەنبار تۆمارکراوە (٤٣,٩٨٠)، بە شێوەیەکی سەرەکی لە قەزای ڕەمادی فەللوجە (١٥,٠٩٠) و ڕەمادی (١٣,٨٨٤) و بەهەمان شێوەش لە پارێزگای سەلاحەددین (٣٨,٠٢٢)، بە تایبەتی لە قەزای بێجی (١٠,٧٧٠) و تکریت (٩,٤٤٤). بە تێکڕایی حەوت شوێن هەن کە سەرجەم گەڕاوەکان تیایاندا لە پەناگەی نەگونجاو شلۆق دەژین کە بە گشتی ٤,٢٧٨ کەس لە خۆ دەگرن. سەرجەم گەڕاوەکان لە پەناگەی نەگونجاو و شلۆق دا دەژین لە دوو شوێنی پارێزگای ئەنبار (کە تییاندا، ٣,١٢٠ کەس نیشتەجێبوونە)، لە شوێنێکی پارێزگای سەلاحەددین (٧٨٠ کەس)، دوو شوێنی لە پارێزگای نەینەوا (١٣٨ کەس)، شوێنێک لە کەرکووک (١٥٠ کەس) و شوێنێک لە دیالە (٩٠ کەس).

وێنەی ٣. جۆرەکانی پەناگەی گەڕاوەکان




٢ لە تەمووز-ئابی ٢٠٢٠ دا، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان، چەندین خولی هەڵسەنگاندنی بەدواداچوونی حالەتی لەناکاوی ئەنجامدا، کە خۆی دەبینێتەوە لە بەدەستهێنانی زانیاری سەبارەت بە ژمارەی کەسانی گەڕاوە بۆ قەزاکانی شنگال و بەعاجی سەر بە پارێزگای نەینەوا، لە هەرێمی کوردستانەوە، بەهەمان شێوەش ژمارەی گەڕاوەکان لە ناو خودی پاێزگای نەینەواوە.

نەخشەی ١. بوونی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان لە ناوچەکان دا



# میتۆد

ئامانجی تۆماری بەدواداچوونی سەر بە ڕێکخراوی جیهانی کۆچ بریتیە لە چاودێری کردنی ڕەوشی ئاوارەبوون و دابینکردنی زانیاری ورد سەبارەت بە ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان لە عێراق دا.زانیاریەکان لە لایەن تیمەکانی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی خێرای مەیدانی (RART) سەر بە ڕێکخراوی جیهانی کۆچ کۆ دەکرێنەوە، ئەم تیمانە زیاتر لە ١٠٠ ستافی مەیدانی پێک دێن، کە لە سەرتاسەری ناوچەکانی عێراق دا بڵاوبوونەتەوە- کۆکردنەوەی داتا بۆ خولی ١١٧ لە ماوەی مانگەکانی تەمووز و ئابی ساڵی ٢٠٢٠ لە ناو ١٨ پارێزگای عێراق دا ڕوویداوە.

کۆکردنەوەی داتا لە لیستی سەرەکی ئاوارە ناوخۆییەکان و لیستی سەرەکی گەڕاوەکان لە ڕێگەی تۆڕێکی گەورەی باش ڕێکخراوی پێکهاتوو لە زیاتر ٩٥٠٠ هەواڵدەری سەرەکی، کە لە سەرکردەکانی کۆمەڵگا، موختارەکان، بەرپرسە خۆجێییەکان وهێزەکانی ئاسایش پێک دێت ئەنجام دراوە. زانیاریەکانی تر لە تۆماری داتای حکومەت و ڕێکخراوە هاوبەشەکان کۆکراوەنەتەوە.

تیمەکانی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی خێرای مەیدانی سەر بە ڕێکخراوی جیهانی کۆچ (OM RARTs) بە بەردەوامی لیستی سەرەکی کۆ دەکاتەوە و دوو مانگ جارێک ڕاپۆرتەکەی بڵاو دەکاتەوە. جیاوازی لە ئاماری ئاوارەکان لە نێوان ماوە جیاوازەکانی ڕاپۆرت کردن دا تێبینی کراوە. هەرچەندە، دەستپێگەیشتنی سنووردار بە هۆی کێشە ئەمنیەکان و کوت و بەندەکانی تری کاری دەشێت کار بکاتەوە سەر چالاکیەکانی کۆ کردنەوەی زانیاری.جیاوازی لە ئامارەکانی ئاوارەکان، لە نێوان ماوە جیاوازەکانی ڕاپۆرت کردن دا، سەرەڕای گۆڕانکاری ڕاستەقینەی ئاماری دانیشتوان ڕەنگە بە هۆی هۆکارەکانی تری وەک بە بەردەوامی دەستنیشانکردنی گروپە ئاوارەکانی پێشوو و لە خۆگرتنی داتا سەبارەت بە دووەم ئاوارەبوون لە ناو عێراق دا کاری تێبکرێت.

ئاوارەکان لە ڕێگەی پرۆسەیەکی کۆکردنەوە، پشتڕاستکردنەوە، سێگۆشەسازی و دووپاتکردنەوەی داتاوە دەستنیشان دەکرێن. ڕێکخراوی جیهانی کۆچ بەردەوام دەبێت لە هاوکاری و هەماهەنگیەکی نزیک لە گەڵ بەرپرسانی فیدراڵی و هەرێمی و خۆجێی بۆ پارێزگاری کردن لە تێگەیشتنێکی هەمەلایەنە و وردی ئاوارەبوون لە سەرتاسەری عێراق دا. بۆ ئاسانکاری شیکاریەکە، ئەم ڕاپۆرتە عێراق بۆ سەر سێ ناوچە دابەش دەکات: هەرێمی کوردستانی عێراق، پارێزگاکانی دهۆک و سلێمانی و هەولێر دەگرێتەوە، باشوور پارێزگاکانی، بەسرە، میسان، نەجەف، زیقار، قادسیە و موسەننا دەگرێتەوە، باکوری ناوەڕاست پارێزگاکانی ئەنبار، بابل، بەغداد، دیالە، کەربەلا، کەرکووک، نەینەوا، سەلاحەددین و واست دەگرێتەوە.

**ئەژماردنی بەکارهاتوو بۆ دیاری کردنی ژمارەی کەسەکان**

ژمارەی کەسەکان بە لێکدانی ژمارەی خێزانەکان بە ژمارە شەش ژماردنیان بۆ کراوە، تێکڕای قەبارەی خێزانێکی عێراقی بە شەش کەس ئەژمار کراوە ، بە گوێرەی ئامارەکانی حکومەت، بۆ سەرجەم ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکانی دەرەوەی کەمپ. بۆ یەکەم جار لەم خولەی تەمووزی-ئابی ٢٠٢٠ دا، ژمارەی کەسەکان بە لێکدانی ژمارەی خێزانەکان بە ژمارە پێنج ژماردنیان بۆ کراوە، کە تێکڕای قەبارەی هەر سەر خێزانێک لە گەڵ دەستەی هەماهەنگی کەمپ و بەڕێوەبردنی کەمپ (CCCM) لەوەتەی ساڵی ٢٠١٨ یەکدەگرێتەوە. بۆ وردترین و دوایین زانیاری سەبارەت بە ئاوارە ناوخۆییەکانی دەرەوەی کەمپ، تکایە بگەڕێوە بۆ ماڵپەڕی CCCM Cluster website.

لە سەرجەم خولەکانی لیستی سەرەکی دا، بەر لە خولی تەمووز-ئابی ٢٠٢٠، ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکانی ناوەوەی کەمپەکان بە کەڕەت کردنی ژمارەی هەر سەر خێزان بە شەش ئەژمارکراوە. بۆ ئەوەی لە گەڵ زانیاریەکان یەکبگرێتەوە کە پێشتر بڵاوکراوەتەوە، لەم ڕاپۆرتەدا، بەراوردکاری لە نێوان ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکانی ناوەوەی کەمپەکان لە نێوان ئەو خولانەی کە ژمارەی هەر خێزانێکیان بە شەش ئەژمارکردووە لە زانیاری مانگی ئایار-حوزەیرانی و ژمارەی ئەو خێزانانەی کە بە پێنج کەس ئەژمارکراوە لە ناو زانیاری مانگی تەمووز-ئاب دا ئەنجام دراوە. ئەم گۆڕانکاریە لە میتۆدی ئەژمارکردن، بەو واتایە دێت کە جیاوازی لە ژمارەی ئاوارەکانی ناوەوەی کەمپ، گرنگتر دەبێت لەوەی لە دەرەنجامەکانی شیکاری بەراوردکاری کە لە ناو بەرهەمەکانی لیستی سەرەکی پێشوودا تۆمارکراوە.

**میتۆدەکە ئەم پێناسانەی خوارەوە بەکاردەهێنێت:**

تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان (DTM) هەموو ئەو عێراقیانەی کە ناچارکراون لە ١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤ بەو لاوە هەڵبهێن و تا ئێستاش لە نێو سنوورەکانی عێراق دا تا ساتی هەڵسەنگاندنەکەدا لە ئاوارەیی دا دەژین بە ئاوارەی ناوخۆیی ئەژمار دەکات.

تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان (DTM)، هەموو ئەو ئاوارانەی لە کانوونی دووەمی ٢٠١٤وە گەڕاونەتەوە شوێنی ڕەسەنیان بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئایا ئەم ئاوارانە گەڕاونەتەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی پێشوویان یاخود بۆ جۆرێکی تری پەناگە، بە گەڕاوە ئەژمار دەکات. پێناسەی گەڕاوەکان پەیوەندی نیە بە پێوانەی گەڕانەوە بە سەلامەتی و شکۆمەندیەوە، هەروەها پەیوەندیشی نیە بە ستراتیجی دیاریکراوی چارەسەری کاتی.

شوێن، وەک ناوچەیەک دەستنیشانکراوە کە هاوتای گوندێکە بۆ ناوچە گوندنشینەکان، یاخود گەڕەکێک بۆ ناوچە شارنشینەکان (واتە چوارەم بەشی کارگێڕی فەرمی).

شوێنی نیشتەجێبوونی ئاسایی بریتیە لە هەمان شوێنی نیشتەجێبوونی بەر لە ئاوارەبوون.

شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەت، مۆڵکی تایبەت، خانووی بەکرێگیراو، هۆتێل/ مۆتێلەکان و خێزانە لە خۆگرەکان دەگرێتەوە.

پەناگەی ناهەموار، نشینگە نافەرمیەکان، باڵەخانە ئایینیەکان، قوتابخانە و باڵەخانەی تەواونەکراو و بەجێهێڵدراو دەگرێتەوە. بۆ گەڕاوەکان، ئەو شوێنە نیشتەجێبوونە ئاساییانەش دەگرێتەوە کە بە سەختی زیانیان بەرکەوتووە یاخود ڕوخاون و بۆ ئاوارە ناوخۆییەکانش شوێنی نیشتەجێبوونی بە کرێگیراو بۆ ماوەی درێژ کە بۆ نیشتەجێبوون شیاو نین (هەمان تایبەتمەندی باڵەخانەی تەواونەکراو و بە سەختی زیانبەرکەوتوویان هەیە) دەگرێتەوە.

## ئەستۆپاکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ

زانیاریەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە، تەنها بۆ مەبەستەکانی زانیاری گشتین. ئەو ناو و سنوورانەی کە لە ناو پەڕاوی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان دا هاتووە بە واتای پەسندکردن یاخود قایل بوون لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نایەن. زانیاریەکانی ناو پۆڕتاڵ و ئەم ڕاپۆرتە ئەو زانیاریانەن کە لە دەرەنجامی داتای کۆکراوە لە لایەن تیمەکانی مەیدانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ و زانیاریە تەواوکراوەکانی دابینکراو و بە گەرخراو لە لایەن دامەزراوە حکومی و دامەزراوەکانی تر لە عێراق دا ئامادەکراون. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق هەوڵ دادەت کە ئەم زانیاریانە تا ئەو پەڕی توانای بە تازەیی و ورد و دروستی بپارێزێت، بەڵام هیچ بانگشەیەکیش ناکات یاخود نیشان نادات لە مەڕ تەواوکاری، ورد و دروستی و گونجاوی زانیاریەکانی فەراهەمکراو لە ناو ئەم ڕاپۆرتەدا.

ئەو ئالنگاری و کێشانەی کە پێویستە لە بەرچاو بگیرێن لە کاتی بەکارهێنانی داتای تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان لە عێراق دا بریتین لە دۆخی ناجێگیری جووڵەی ئاوارەکان هاوشان لە گەڵ حاڵەتی تەنگانەی چەند بارە بوو و نەگەیشتن یاخود گەیشتنی سنوردار بە هەندێک لە پارچەکانی وڵات. لە هیچ حاڵەتێک دا ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بەرپرسیار نابێت لە بەرامبەر هەر زیانێک یاخود خەسارەتێک ئینجا ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆ یاخود بە شێوەی لێکەوتەیی، پەیوەست بە بەکارهێنانی ئەم ڕاپۆرتە و زانیاریەکانی فەراهەم کراو لەم ڕاپۆرتەدا ڕوو بدەن.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق سوپاسی نووسینگەی دانیشتوان، پەنابەران و کۆچبەری (PRM) سەر بە وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکات بۆ پشتگیری بەردەوامیان. هەروەها ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق سوپاس و پێزانینیشی بۆ ئەندامانی تیمی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی خێرای (RART) سەر بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق هەیە بۆ کارەکانیان لە کۆکردنەوەی زانیاری و زۆر جار لە بار و دۆخە زۆر سەختەکاندا کۆڵیان نەدا و هەوڵ و کۆششە بێ ووچانەکەیان بوونە زەمینەی دروستکردنی ئەم ڕاپۆرتە.

IOM IRAQ

تەمووز – ئابی ٢٠٢٠